دوو وشە هەیە خۆشەویسن لای اللە وئاسانن لە سەر زمان وقورسن لە سەر تەرازوی چاکە کاری

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «دوو وشە هەیە خۆشەویسن لای اللە وئاسانن لە سەر زمان وقورسن لە سەر تەرازوی چاکە کاری: (سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ، سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ) واتە: (وپاک وبێگەری بۆ خودای مەزن، پاک وبێگەری بۆ خودا وسوپاس بۆ ئەو».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- باسی دوو وشەمان بۆ دەکات کە مرۆڤ بەبێ هیچ ناڕەحەتیەک دەیڵێت لەهەموو حاڵەتێکدا، وپاداشتیان گەڵێک مەزنە لە تەرازوودا، وپەروەردگاری میهرەبان -تبارک وتعالی- ئەم دوو وشەی زۆر خۆشدەوێت: (سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ، سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ) واتە: (وپاک وبێگەری بۆ خودای مەزن، پاک وبێگەری بۆ خودا وسوپاس بۆ ئەو)، وەسفکردنی خوای گەورە تێدایە بەکاملٚبوون ومەزنی، وهەروەها بەپاکدانانی لەهەموو کەموکورتیەک -سبحانە وتعالی-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5507